# ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق.

- جەماوەری بەشەرەفی کوردستان. . . . .
- هێز و لایەنە ئازادیخوازەکانی ناوچەکە. . . . .

ئێمە حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق ئەمڕۆ 2003/2/23 لەسەر بانگهێشتی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK لە بارەگای مەکتەبی سیاسی YNDK لە شاری هەولێر بۆ تاوتوێ کردنی رەوشی سیاسی کوردستان و ناوچەکەو وەستان لەسەر هەڕەشەکانی حکومەتی تورکیا کۆبووینەوە.

وەك لای هەموولایەك ئاشکرایە کوردستان و ناوچەکە لە رەوشێکی هەستیاردان و لاساری و سەرەڕۆییەکانی رژێمی عێراق لە بەرامبەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا رۆژبەرۆژ لە زیادبووندایە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە کێشەی عێراق بگاتە بنبەست و ئەگەری بەکارهێنانی هێز لە بەرامبەر عێراقدا زیاتر بێت. بەمەش کوردستان و ناوچەکە بەرەو رووی گۆڕان و بارێکی تر دەبنەوەو ئەگەری دەستێوەردانی هەندێ وڵاتانی ناوچەکەش لە ئارادایە، بەتایبەتی حکومەتی تورکیا کە ماوەیەکە رۆژانە هەڕەشەی دەستێوەردان و هێنانی لەشکر بۆ کوردستان دەکات.

ئێمە وەك ئەو حزب و لایەنانەی کە لە خوارەوە ناومان هاتووە بە هەموو شێوەیەك دژی دەستتێوەردانی حکومەتی تورکیا لە کاروباری کوردستان و عێراق و هاتنی سوپای تورکیا بۆ کوردستان دەوەستینەوە و داواش لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و UN و کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەکەین کە پاڵەپەستۆ بخەنە سەر حکومەتی تورکیا بۆ وازهێنان لەو سیاسەتەی کە دژی کوردستان و کێشەی رەوای گەلی کوردستان پیادەی دەکات.

هەروەها دەمانەوێ ئەوەش بڵێین کە هیچ پاساوێك بۆ هاتنی سوپای تورکیا بۆ کوردستان نیە و بەهاتنیشی هاوسەنگی هێز لەناو چەکەدا تێك دەچێت. بۆیە ئێمە لە پێناو پاراستنی ئەزموونی دیموکراتی باشووری کوردستان و راگرتنی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا، هەر جۆرە دەستتێوەردانێکی تورکیا رەت دەکەینەوە و رایدەگەیەنین کە گەلی کوردستان دژی هەموو داگیرکارییەك دەوەستێتەوەوە و بێ دەنگ نامێنێت و ئامادەی هەر جۆرە قوربانیدانێکیشە لە بەرامبەر دەستتێوەردانی تورکیا و داگیرکەرانی کوردستان.

هەروەها داوا لە جالیەی کوردستان و عێراق لە دەرەوەی وڵات دەکەین کە پرۆتستۆی ئەو سیاسەتەی تورکیا بکەن و بە کۆڕگرتن و خۆپیشاندان دەستێوەردانی تورکیا ریسوا بکەن.

## حزب و لایەنە سیاسییەکان

1- حزبی شیوعی کوردستانی- عێراق
2- حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان
3- پارتی کاری دیموکراتی کوردستان
4- حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن
5- حزب الله شۆڕشگێڕی کورد
6- بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان- عێراق

www.kurdistannet.org
23-2-2003 20:32

**7- کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان لە کوردستان**

**8- پارتی برایەتی تورکمانی عێراق**

**9- پارتی یەکێتی تورکمانی عێراق**

**10- پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان**

**11- پارتی نیشتمانی عێراق**

**12- بزووتنەوەی میللی کوردستان**

**13- بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان**

**14- بزووتنەوەی جوتیاران و چەوساوانی کوردستان**

**15- رێکخراوی تێکۆشانی رەنجدەرانی کوردستان**

**16- حزبی رزگاری کوردستان**

**17- کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد**

**18- کۆمەڵەی کوردە فەیلییەکان**

**19- کۆمەڵەی چەوساوانی کوردستان**

**20- کۆنگرەی ئازادی کوردستان**

**21- بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان**

**22- پارتی دیموکراتی کوردستان**

23- **یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**هەولێر** -2003/2/23